# ئینتەرنێت و بانگەواز بۆ ڕێگای خودا

[ بە کوردی ]

الانترنت والدعوة إلى الله تعالى

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : مامۆستا عەبدواللە سادق

الكاتب : عبد الله صادق

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

١٤٢٩ - ٢٠٠٨

islamhouse.com

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# ئینتەرنێت و بانگەوازی بۆ ڕێگای خودا

نوسینی: مامۆستا: عبدالله صادق

مه بەست لێرەدا بیرهێنانەوەیەکە بۆ بانگەوازی کارانی ڕێگای خودا لە زانایان وقوتابیانی زانستی شەرعی کە خزمەتێکی ئەم ئایینە پیرۆزە بکەن لەم کەنالەوە؛ چونکە بەراستی بەشداری ئیسلامی لە مەیدانی ئینتەرنێت زۆر لاوازە تا ئێستا بەرامبەر خاوەن بیرو بۆچونەکانی تر، وەئەمەش کارێکە جێگای داخە بۆ ئۆمەتێك کە چاکترین ئۆمەتە خوای گەورە هەلی بژاردوون بۆ پێش ڕەوایەتی مرۆڤایەتی، وەرزگارکردنیان لە تاریکی جەهل و نەفامی بۆ نورو روناکی ئیسلام، چونکە ئەم جیهانە ئێستا بەگشتی لەگێژاوێکی ترسناك دایە، ئەمرۆ دونیایەکی پر لە تاوان ودەست درێژی و ستەمە، چ لە ئاستی کۆمەلگای نێودەولەتان و گەلان، وە چ لەئاستی تاك وکۆمەلگادا، جیهان وژیانێکە بێ سنور ویاسای داد پەروەر، بێ سۆزو خۆشەویستی وبرایەتی، دەسەلات دار وبەهێز ماف بێ کەس ولاواز دەخوات، یاسا بۆتە یاسای دارستان وغابات، زلە هێزو فیرعەونەکان بەئارەزووی خۆیان یاری بەماف وچارەنووسی میللەتان دەکەن، چۆنیان بوێت وای لێ دەخورن، وەك خوای گەورە دەربارەی فیرعەون دەفەرموێت: ﴿ قَالَ فِرْعَوْنُ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ ﴾ - سورەتی غافر ئایەتی٢٩- واتا:" فیرعەون ووتی: چی خۆم بەچاکی دەبینم هەر ئەوەتان نیشان دەدەم".

جا بۆیە فەرزو واجیبە لەسەر خاوەن دەست و قەلەم و هەلگرانی پەیامی ئیسلامی پیرۆز، پەیامی سۆزو خوشەویستی، ئاشتی راستەقینە، دادپەروەری وئازادی راستەقینە، بەشداری بکەن وبێنە ناو مەیدانی ئینتەرنێت بە جیدی، بۆ ناساندنی پەیامی رەحمەت بەگشت جیهان، وەبۆ روون کردنەوەی رووی گەشی ئیسلام، وگەیدانی ئیسلامی راستەقینە دوور لە زیادەرەوی و کرچ وکالی، دوور لە بیدعەو شتی خورافات کەبە ناهەق و نە فامی لکێندراوە بە ئاینی پاکی

ئیـسلام، وه بـێ گوومـان هۆکارەکـانی بانگـەوازی بـۆ رێگـای خـودا زۆر جـۆرن، وخـەلکی دونیـا ئێـستا زۆر تینـون بـۆ ناسـینی راسـتیەکانی ئیـسلام، بۆیـە گـەر سەیری پەیگە ئیسلامیکان بکـەین لەگـەل کـەم وکورتیش، ده بیـنین کەسـانێکی زۆر موسـلمان بـوون بـە فـەزلی خـودا پاشـان لـە رێگـای ئینتـەرنیتـەوە، دەبـینی یەکێك لەوان نامە دەنوسـێت ودەلێـت: مـن موسـلمان بـووم وهـەوالم پیـدایت بـۆ ئەوەی بەشداری ئاهەنگی ئەم خۆشیەم بکەیت، یەکێکی تر پرسیار دەکات : مـن دەمەوێت موسلمان بم وحەز لەیاری فتبۆل یا باسکە دەکەم، ئایـا ئیـسلام رێگـری دەکات لەمە؟،یەکێکی تر دەلێت: دەمەوێت موسلمان بم، بەلام ناتوانم نوێژ بکـەم لە نوسینگەو وکۆمپانیاکەم، ویەکێکی تر دەلێت: من عەرەق دەخـۆم و یـا تلیـاك خۆرم، ودەمەوێت ببمـە موسـلمان، هەلوێـستی ئیـسلام چیە بەرامبـەر مـن، وبـە سەدان نامەی تر لە م بابەتەوە پێویـستی بـە وەلامێکـی سـوك وئاسـان دەکـات تـا خاوەنەکەی بێتە ناو ئایینی پـیرۆزی ئیـسلام وه، بـە ختـەوەری دونیـاو دوارۆژی دەسـت گێـر بێـت، وئەمـەش هـەول وکۆشـشێکە بـۆ جێبـە جێبـونی فەرمایـشتی پێغەمبەری خۆشەویـست ﷺ کەدەفـەرموێت: (( ليبلغن هذا الأمر ما بلغ الليل والنهار، ولا يترك الله بيت مدر ولا وبر إلا أدخله الله هذا الدين، بعز عزيز أو ذلّ ذليل، عزاً يعز الله به الإسلام، وذلاً يذلّ الله به الكفر ))(١).

(ئەم فەرموودەیە ئیمامی ئەحمەد وئیبن حیبان وتە بەرانی و حاکیم وبەیهەقی روایەتیان کردووە، وەشێخی ئەلبانی فەرموویـەتی: " فرموودەیـەکی سـەحیحە . بروانە: السلسله الصحيحه ٧/١ ).

واتا: سوێند بێت و بێ گوومان ئەم ئایینە دەگاتە گشت شوێنێك کە رۆژو شـەوی بگاتێ، مەبەست بێ گوومان ئیسلام دەگاتە گـشت سوچێکی دونیـا، وەخـوا هـیچ خانووێکی لە قور درووست کراو، وەهیچ خەیمەو رەشمالێك ناهێلێت ئـیلا خـوای گـەورە ئـەم ئایینـەی دەخاتـە نـاوی، کەواتـە هـیچ شـارو لادێ وچـۆل ودەشـتایی نامینێـت ئیـسلامی نـەگاتێ، گەیـشتنێك بەسـەربەرزی سـەربەرزان، وه بەسـەر شـۆری سەرشـۆران، سـەربەرزیەك کـە خـوای گـەورە ئیـسلام سـەربەرز دەکـات، وسەرشۆریەك خوای گەورە سەری کوفرو بێ باوەی شۆر دەکات.

(١) أخرجه أحمد في المسند ( ٤/٦ برقم ٢٣٨٦٥ ) ، وابن حبان في صحيحه (٩٢/١٥ ، رقم ٦٦٩٩) وقال الألباني " حديث صحيح " .

ولێرەدا بە گەیشتنی ئینتەرنێت بە رۆژهەلات ورۆژئاوای دونیادا، موعیجزەی گەورەی ئەم فەرموودەیە دەردەکەوێت.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**